Digitally signed by www.kurdistannet.org
cn=www.kurdistannet.org, ou=www.kurdistannet.org, o=Kurdistan Net, c=NL
Date: 2002.07.31 23:30:30 +01'00'
Reason: <none>
Kurdistan Net Neti Hemwane

# ئەوینی شیعر

**حەمەسەعید حەسەن**

لەگەڵ نووسینی هەموو شیعرێکدا
وەک مۆم دەسووتێم
تا گڕ لە باخی ناخم بەر نەبێ
هۆنراوە ناڵێم.

شیعر ئەگەر چی
زادەی ژانێکە درێژ و دژوار
بەلام چرپەیە
نەک قیژە و هاوار.

وەکوو مەم دەمرم بۆ زینی شیعر
ڕۆژێ گۆزەی دڵ
ورد و خاش دەبێ
لەسەر تاوێری ئەوینی شیعر.

چونکە دەمەوێ بە چرای شیعر
تاریکستانی ژینت ڕۆشن کەم
دوژمن چوار دەوری تەنیوم مەگەر
لە شەوەزەنگی قژتا خۆم ون کەم.

شیعر کلیلە
دەروازەی ژیان دەخاتە سەر پشت
شاعیر کەسێکە
لەسەر شیعرێکی خۆی دەدا بە کوشت.

دەشێ کازیوەی ڕۆژێکی بەهار
لەسەر هەڵوێستێ
بمبەن، بمکوژن،
بەلام ناشێ نا گوڵی هەڵبەستێ
بدەم لە سنگ و بەرۆکی دوژمن.

دەگونجێ بمرم نەتان بینمەوە
هۆ خەڵکی چاک و
سروشتی زێدە جوانی کوردستان،
بەلام ناشێ نا کیژووڵەی شیعرم
بگاتە ژووری نوستنی سوڵتان.

زێدی شیرینم باش بوو جێم هێشتی
دەنا کێ دەڵێ ئێستاکە منیش
ڕۆژی بەشێکم لێ نەدەفرۆشتی؟
کێ دەڵێ منیش
وەکوو شاعیری دەستەمۆ و نابووت
شیعرم نەدەگوت
بۆ سەرلەشکری هێزی ڕاو و ڕووت؟

کە مردین هەموو سەرو ئاسەوار
بەجێ دەهێڵین
دەوڵەمەند، دراو،
جەندرمە، پۆستاڵ،
سەرکردە، گفتی درۆ و پفدراو،
شاعیر، هۆنراوەی ناسک و پاراو.